# تووشیبا و چاویلکەی سمارت

کاتژمێری سمارت، دەستبەندی سمارت، چاویلکەی سمارت..تاد ئەوانە ئەو وشانەن کە لە جیهانی دیجیتالی و تەکنەلۆژیادا زیاد بوونە و زیاتریش دەبن..
لەم ماوەیەدا کۆمپانیای تووشیبا چاویلکەیەکی سمارتی بەناوی DynaEdge AR Smart GlasseS بەرهەم هێناوە، چاویلکەکە یەکەم چاویلکەیە کە لە سیستەمی win- dos10 سوود وەربگرێ.
جگە لەوەی هۆشمەندە ئامێرێکی واقیعی مەجازیشە. چاویلکەکە پێکهاتووە لە مینی کۆمپیوتەرێکی بچووك بەناوی dynaEdge DE-100 و چاویلکەیەك، بۆ ئەوانەی نیازیان هەیە ئامرازی دیکە بە چاویلکەکەوە زیاد بکەن شوێنی دانانی ئامرازی زیادە هەیە، پەیوەندی نێوان کۆمپیوتەرە بچووکەکە و چاویلکە سمارتەکە وایەرلێسە. چاویلکەکە، فیلم و وێنە هەڵدەگرێت و پەیامە دەقیەکان وەردەگرێت و لە رێگای سکایپەوە پەیوەندی دادەمەزرێنێت.





دوو گیان لەیەک جەستەدا



## شاشەیەکی گەڕۆک بەتایبەتمەندیی نوێ

شاشەی گەڕۆك، بەو شاشەیە دەگوترێت کە تایبەت نییە بە یەك ئامێرەوە و هەڵگرتن و راگواستنی ئاسانە. کۆمپانیای HP شاشەیەکی نوێی بەناوی EliteDisplay S14 بەرهەم هێناوە، شاشەکە ١٤ ئینجە و پورتێبڵە.. بۆ پەیوەندی لە کەلێنی USB- C سوود وەردەگرێت، تەنانەت بۆ مۆبایل و تەبلێتیش دەگونجێت. مۆنیتۆری ناوبراو زیاتر وەك تەبلێتێك دەچێت و تەنیا پایەیەکی هەیە بۆ راگرتنی. مۆنیتۆرەکە وزەکەی خۆی هەر لەو کێبڵەوە وەردەگرێت کە لەگەڵ ئامێری دیکە پێی پەیوەند دەدرێت، بۆیە لەگەڵ کارکردندا وزەی تەبلێت یان لاپتۆپەکە دادەبەزێت. کێشی شاشەکە کیلۆیەکە.



# ئەنگوستیلەی سیحری



لە جیهانی تەکنەلۆژیای سەردەمدا، ئەڵقە هەر بۆ پەیوەندی نێوان هاوسەرەکان و جوانی نییە، چونکە نەك گوستیلە بەڵکو گشت ئامێرەکان بەرەو سمارت و سیحری بوون دەڕۆن، ئەرکی وا ئەنجام دەدەن هەر لە خەیاڵیشدا ناگونجێت.. چەند ساڵێکە ئەنگوستیلە هۆشمەندەکان هاتوونەتە ناو جیهانی تەکنەلۆژیاوە، ئەو ئەڵقانەی کە جگە لە جوانی ئەرکی دیکەش ئەنجام دەدەن.

ئەڵقەی سمارتی جۆری (xenxo S-Ring) کە سەیری دەکەی جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ ئەڵقەیەکی ئاسایی، بەڵام سمارت بوونی جیای دەکاتەوە لە گوستیلەیەکی ئاسایی. ئەڵقەکە ئەرکی بلوتوس ئەنجام دەدات و لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەبێت و دەنگی پەیوەندییەکان لە رێگای سەرەپەنجەکانی بەکارهێنەرەوە دەگوازێتەوە بۆ گوێ. هەربۆیە بە ئەڵقەی سیحری ناسراوە.

دەنگەکە ئەوەندە رەوانە وا هەست دەکەی راستەوخۆ لە پەنات دانیشتووە و قسە دەکات. ئەنگوستیلە سیحرییەکە هەر ئەو ئەرکە ئەنجام نادات بگرە وەك فلاش میمۆرییەکش دەکرێت بەکاری بهێنی. هەستەوەرەکانی ناو گوستیلەکە هەنگاوەکانی بەکارهێنەرەکەی دەپێوێ جگە لەوەش بۆ کۆنترۆڵ کردنی دەنگی گۆرانی ناو مۆبایلەکە سوودی لێوەردەگیرێ.



# به قەڵەمێك مۆبایلەکەتان شەحن بکەنەوە

قەڵەم لەم سەردەمەدا هەر ئەوە نییە بۆ نووسین بگونجێت، پێنووس دەکرێت کاری نووسین بکات و لە پەنای ئەویشدا کامێرای هەبێت بۆ فیلم و وێنە گرتن، دەکرێت وەك سکاینەرێك دەقە نووسراوەکان سکان بکات، دەکرێت وەك ئەو پێنووسەی ئاماژەی پێدەکەین مۆبایل شەحن بکاتەوە.

قەڵەمی ChargeWrite قەڵەمێکی ئاسایی نییە، قەڵەمەکە جگە لەوەی کە هاردێکی پورتێبڵی ١٦ گیگابایتەییە و وەك پاوەر بانکێکیش سوودی لێوەردەگیردرێت، لەوەش گرنگتر ئەوەیە دەکرێت وەك پاککەرەوەی شاشە هۆشمەندەکان سوودی لێوەربگیردرێت. لایەنی گرنگی پێنووسەکە زیاتر پاوەربانکیەکەیەتی، چونکە هەمیشە لەگەڵتدایە و ئەگەر لەناکاو شەحنی مۆبایلەکەشت دابەزی ئەوە خەفەتی بۆ ناخۆی و بە پێنووسەکەت شەحنی دەکەیەوە. پاوەربانکەکە تەنیا تایبەت نییە بە مۆبایلی ئەندرۆید یان ئایفۆن بەڵکو بۆ هەموو مۆبایلێك دەگونجێت.




کامێرای «کووکەم» (QooCam) لە راستیدا یەکەم کامێرای جیهانە کە دەتوانێت بە ٣٦٠ پلە و بە کوالیتی K4 و سێ رەهەندی و هەروەها بە پلەی ١٨٠ پلەیی فیلم هەڵبگرێتەوە. لە راستیدا کامێرای ناوبراو لە یەك کاتدا ئەرکی دوو کامێرا ئەنجام دەدات.

کامێراکە سێ لێنز (عەدەسە)ی لەسەرە کە بە هۆی ئەوانەوە دەتوانرێت بە خێرایی ١٢٠ فرێم لە چرکەیەکدا فیلم هەڵبگریەوە. سیستەمی دژە لەرزینی تێدایە و لەو کاتانەی کە کەشوهەوا نالەبارە یان بای بەهێزی دێت یان جوڵە زۆرە و دیمەنەکە دەجوڵێت. کامێرای ناوبراو بە ئاسانی بە کۆداکۆپتەر، کڵاوی تایبەت، پایە یان گۆچانی سێلفی پەیوەند بدەی. کامێرای ناوبراو میمۆری ٢٥٦ گیگابایتی تێدایە. کامێرای ناوبراو وێنەکان راستەوخۆ بۆ مۆبایل و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەرێ بکات.




# کامێرایەک بۆ هەموو شوێن و جێگایەک

کامێرای برۆسکۆپ بەو کامێرایانە دەگوترێت کە بچووکن و بۆ ئەو شوێنانە دەگونجێن کە بەکارهێنەرەکەی ناتوانێ خۆی وێنەی تێدا بگرێت، بۆ نموونە چاڵ و کون و کەلەبەری تایبەت. کامێرای برۆسکۆپی Depstech 1200P کامێرایەکی ١٦ پێیە بە شێوەی وایەرلەیس لە مۆبایل پەیوەند دەدرێت، بەهۆیەوە دەتوانیت وێنە لە شوێنە دژوارەکان ئەو شوێنانەی بچووك و بەرتەسکن دەگرێت. بۆ نموونە دەتوانیت وێنەی ناو دیوارێك بگری هەتا بۆ بۆری و وایەر کێشان کار ئاسانیت بۆ بکات. یان لەو کونانەی کە گیانداران هەڵیانقەندووە و بزانیت گیاندارەکە چۆن دەژیت. وێنەکان بە کوالیتی HD و فیلمەکان بە فۆرماتی AVI دەگرێت. وایەرێکی درێژی لەگەڵدایە و دەچێتە ناو قوڵایی شوێنەکان و دژە تەڕبوونە. گلۆپێکی بەسەرەوەیە بۆ شوێنە تاریکەکان.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی ئازیز دەپرسێت، پاسۆردم لەسەر کۆمپیوتەرەکەم داناوە، بەڵام ئێستا هەرچەندە پاسۆردەکە لێدەدەم ناکرێتەوە، هۆکار چییە پاسۆردەکەم هەڵەیە یان شتێکی دیکەیە، چ ڕێگایەك بگرمە بەر؟**

خوێنەری بەڕێز هیچ دوور نییە پاسۆردەکەت لە بیرچۆبێتەوە، کۆدەکان چونکە بە لاتین و و بەزمانی عەرەبی نین، لەسەرەتادا بزانە کیبۆردەکەت نەبۆتە عەرەبی، دواتر ئەگەر زانیت پاسۆردەکەت لەبیر نەماوە، دەبێ کۆمپیوتەرەکەت چ دیسکتۆپ بێت یان لاپتۆپ بکەیەوە، شوێنی مەزەلبۆردەکەی باترییەکی بچوکی تێدایە، زۆر بە ئارامی باترییەکە دەربێنە و بیخەوە شوێنی خۆی، بەم کارە بایۆس بەتاڵ دەبێتەوە و سفر دەبێتەوە و پاسۆردی نامێنێ..

# بە کلیکێک گیانێکی تازە بخە بەر ویندۆزەکەت

ڕێکخستن و پێداچوونەوە بە سیستەمی ویندۆز هەمیشە یەکێك بووە لە ڕێگا سەرکەوتووەکانی باش کردنەوەی سیستەم و گیانێکی نوێ دەخاتە بەر سیستەمەکە. پرۆگرامگەلێك هەن کە تایبەتن بە ڕێکخستنەوەی سیستەمی ویندۆز، لە نێو ئەو کۆمەڵە پرۆگرامەدا، پرۆگرامی Wondershare 1-Click PC Care لە ریزی باشترینەکان دێت. ئەم پرۆگرامە تەنیا بە کلیکێك گیانێکی نوێ دەخاتەوەبەر ویندۆز و فۆرماتکردنت لەبیر دەباتەوە، چونکە وەك ڕۆژی یەکەمی لێدەکاتەوە.




فایلە زیادەکان دەسڕێتەوە. دەستێك بە ویندۆز دادێنێ و ئەو فایلانەی لە شوێنی خۆیان نین دەیانگەڕێنێتەوە بۆ شوێنی خۆی. بەشێك لە تایبەتمەندی پرۆگرامەکە ئەوانەن:

- ڕێکخستنەوەی ویندۆز بە کلیکێك.
- باشکردنەوەی فایلە تێکچووەکانی سیستەم.
- سڕینەوەی فایلە زیادییەکان.
- خێرایی بەخشین بە پرۆگرامەکان.
- سکانکردنی ٣٦٠ پلەی سیتسەم بۆ دۆزینەوەی بچووکترین هەڵەکان.
- بردنەسەری ئەمنیەتی کۆمپیوتەر پاش بەکارهێنانی ئەم پرۆگرامە.



# گەیم پاد بۆ یارییە ئەلکترۆنییەکان

گەیم پاد یان دەسکی یاری کردن زیاتر بۆ یاری پلەی ستەیشن و PSP کۆمپیوتەر و..تاد دەگونجێت. لەم دواییەدا ئەم دەسکی یارییانە تایبەت کران بە مۆبایل و تەبلێتیش. گەیم پادی جۆری Steam Con-troller ناوی یەکێك لەو دەسکی گەمانەیە کە دەکرێت لە رێگای بلوتوسەوە بە تەبلێت یان مۆبایل پەیوەند بدرێن. گەیم پادەکە خۆی پرۆگرامێکی تایبەتی لەگەڵدایە بۆ پەیوەندی لەگەڵ موبای و تەبلێت و لە رێگای ئەپلکەیشنی steam linkەوە پەیوەند دەدرێت. ئەم گەیم پادە بەرهەمی کۆمپانیای ڤۆلڤۆیە کە چالاکی خۆی زیاتر لە بواری بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبیلدا چڕ کردۆتەوە.

## دوگمەی بیرهێنانەوە

کاروباری و گرفت و کێشەی رۆژانە وامان لێدەکەن زۆر شتمان لەبیر بچێتەوە، جار هەیە نیازمان هەیە بچینە لەکاتژمێرێکی دیاریکراودا ئەرکێك ئەنجام دەین یان بچینە شوێنێك بەڵام لەبیرمان دەچێتەوە، هەرچەندە مۆبایل بۆ ئەم بەشە کارئاسانی زۆری کردووە، بەڵام لەبیرمان نامێنێ پرۆگرامەکە بە مۆبایلیش بسپێرین.. لەبیرچوونەوە بەتایبەتی بۆ ئەوانەی تەندروستیان باش نییە و دەبێ لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا دەرمانەکانیان بخۆن زۆر گرنگە چونکە مەسەلەی مەرگ و ژیانە.. بۆ چارەسەری لەبیرنەچوونەوەی دەرمان و چارەسەرییەکان، دوگمەی دیجیتالی (klikkit) بەرهەم هاتووە. ئەم دوگمانە بۆ بیرهێنانەوەی خواردنی دەرمان و ئەرکی رۆژانە کە بەردەوام دەبێ ئەنجامی بدەین یارمەتیمان دەدات. دوگمەکان دەکرێت لەسەر شتە جۆراوجۆرەکان وەك (قوتوی دەرمان یا بتڵی ئاو) بدەی. پاشان ئەوەندە بەسە بەهۆی ئەپلکەیشنێکەوە کاتی بیرهێنانەکەی بۆ دیاری بکەی، ئەوکات دوگمەکان لەکاتی دیاریکراودا یان جەرەس لێدەدەن یان پەیامێك بۆ مۆبایل دەنێرێن. دواتر دوگمەکە دادەگرین و دەنگەکە دەوەستێ. ئەو دوگمانە بۆ نەخۆش و بەساڵداچووان زۆر گرنگە.





### ماڵپەڕێک بۆ وەرگرتنی کارتی خۆرایی لە گوگل پلەی و ئامازۆن

لە ئینتەرنێتدا زۆر پرۆگرام یان فیلم یان کتێب و مۆسیقی..تاد کە پێویستتن بە خۆڕایی نین و دەبێ پارە بدەی، چونکە لە هەرێمی ئێمەدا وەدەستهێنانی ئەم کارتانە زۆر ئەستەمن و گیر ناکەون، بەناچاری دەبێ رێگای دیکە بگرینە بەر، یەکێك لەم رێگاچارانە، سەردانی سایتی https://lootpalace.com/یە. دەبێ لەسەرەتادا ئەکاونت لە سایتەکەدا بەناوی خۆت بکەیەوە، پاشان یان فیلمێك سەیر بکە کە لەسایتەکەدایە، یان بۆچوونێك و کۆمێنێتك بنووسە، یان وەڵامی پرسیارێك بدەوە، یان یارییەك ئەنجام بدە.. بۆ هەر کام لەوانە خەڵات هەیە و خەڵاتەکان دەکرێن بە پارەی ئینتەرنێتی و دەکرێت مەبەستەکانی خۆتی پێ ئەنجام بدەی..